# دانەخستنی مۆبایل لەکاتی خەوتندا تاچەند کاریگەرە لەسەر مرۆڤ

خەرمان غفور محمدامین



ئەگەر تەنها بۆ ساتێکیش بێت بیر لەژیانی ئیمرۆ بکەینەوە ئەوا بۆمان ئاشکراو ڕوونە کە لەگەڵ تێپەربوونی یەک چرکەدا چەندان داهێنان و گۆرانی نوێ دەردەکەون، کە ئەم گۆڕان و داهێنانانە وایان کردووە کە ژیان وەکو پەیژەیەکی لێهاتووە و رۆژ لەدوای رۆژ لە سەرکەوتن و پێشکەوتندایە، بێ گومان پێشکەوتنیش بە بەردەوامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ژیان بەرە بەرە لە سادەییەوە بەرەو ئاڵۆزی بڕوات لەبەر ئەوەی رۆژ لەدوای رۆژ سالْ لەدوای سالْ داواکاری خەڵک لە زۆربوونە وەچەند داواکاریش زۆربێت گیروگرفت زیاتر دەبێت و ژیانی مرۆڤ بەرەو ئاڵۆزی دەچێت و ئەگەر بیر لەژیانی رابردووی باپیرانمان بکەینەوە ئەوا دەبینین هەرچەندە ژیانیان زۆر بە ماندویەتی بردۆتە سەرو هیچ هۆیەکی ئاسانکاریان نەبووەو دووربوون لە هۆیەکانی ئاسانکاری و هیچ هۆیەک لە هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن نەبووە وە لە جیهانێکی پچرپچر و بێ ئاگا ژیاون بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو ناخۆشیانەی ژیانیشدا زۆر بە سادەیی ژیانیان بردۆتە سەرو بێ گیروگرفت بوونە وەئەو ژینگەیەی کە ئەوان ژیانیان تێدا بردۆتە سەر ژینگەیەک بووە زۆر پاک و هێمن و ئاسوودە و دووریش بووە لە جەنجاڵی و ژاوەژاو و نەخۆشی، بەڵام نابێت ژیان هەر بە سادەیی بمێنێتەوە بەڵکو دەبێت برەو بە ژیان بدرێت و داهێنانی تێدا بکرێت، لەگەڵ ئەم هەموو داهێنانەش تەنها یەک بوار کە دەبێت فەرامۆش نەکرێت ئەویش بواری پیسبوونی ژینگەیە چونکە پیسبوونی ژینگە پەیوەندیەکی بەهێزی بە تەندروستی مرۆڤەوە هەیە بۆیە دەبێت ئەم بوارە لەسەرووی هەموو شتێکەوە بیری لێبکرێتەوە، یەکێکیش لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە بریتی یە لە پیسبوونی تیشکەکان RadiationPollution. گومان لەوە دانیە کە لەم ساڵانەی دوایی دا تەکنەلۆژیای نوێ سەری هەڵداوە بە تایبەتی لە بواری ئەلکترۆنیات کە چەندان ئامێری(گەیاندن و ناردن و وەرگرتن و......هتد) دروست کراوەو هەرچەندە ئەم ئامێرانە دەورێکی گرنگیان هەیە لە ژیانی خەڵک و

زۆرێک لە گیروگرفتەکانی خەڵکیان چارەسەر کردووە. یەکێکیش لەو ئامێرە ئەلکترۆنیانەی کە دەمانەوێ ئاماژەی پێبکەین ئامێری(مۆبایل)ە، ئامێری مۆبایل وای لە جیهانی ئیمرۆ کردووەکە ببێ بە گوندێکی بچووک کە مرۆڤ بەهۆی ئەم ئامێرەوە زۆرێک لە گیروگرفتەکانی رۆژانەی پێ چارەسەربکات و وای لە مرۆڤەکانی ئیمرۆ کردووە بەگشت هەواڵەکانی جیهان ئاشنا ببن، ئەم ئامێرە بووە بە یەکێک لە پێداویستیەکانی مرۆڤ و کەم کەس هەیە بتوانێت بەبێ ئەم ئامێرە هەنگاو بنێت، بۆیە رۆژ لە دوای رۆژ داواکاری خەڵک بۆئەم ئامێرە لە زیادبووندایە هەر ئەم داواکاریانەش وای لە کۆمپانیاکانی ئەم بوارە کردووە کە پێشبرکێ بکەوێتە نێوانیانەوە کە هەر کۆمپانیایەک جۆرە ئامێرێک دروست بکات بە کۆمەڵە سیفاتێکی زیاتر و بەبێ ئەوەی ئەم کۆمپانیانە بیر لە کاریگەری ئەم ئامێرە بکەنەوە لەسەر هاوڵاتیان چونکە ئەوەی کە پێویستە لێکبدرێتەوە ئەوەیە کە هۆشیاری بدەن بە خەڵک لەکاتی بەکارهێنان و لەکاتی زیاد بەکارهێنانی و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم ئامێرە بکرێت چونکە هەرشتێک ئەگەر هاتوو زیاد لەرادەی خۆی یان بەناهۆشیاری بەکارهات ئەوا نابێت ئەوە لەبیر بکەین کە بە زیان دەشکێتەوە. ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ بە خوێنەری بەرێز رابگەیەنین تەنها ئەوەیە کە پێویستە لەکاتی بەکارهێنانی مۆبایل هەوڵبدات کە زانیاری تەواو بەدەست بهێنێت لەسەر ئەم تەکنەلۆژیایە و تەنها لەو کاتانەی کە ئیش وکاری پێی هەیە بەکاری بهێنێت، ئەمەش بۆمان روون دەبێتەوە لەو لێدوانەی کە داهێنەری Lummation ی مۆبایل زانای کیمیاوی ئەڵمانی (فرایدل هیم فولنهرست)دای سەبارەت بە ترسناکی بە جێهێشتنی ئامێری مۆبایل بە کراوەیی لەژووری خەوتن لەسەر دەماغی مرۆڤ، هەروەها ئەم زانایە دەڵێت مانەوەی ئامێری مۆبایل یان هەر ئامێرێکی تری ناردن و وەرگرتنی ئاسمانی لەژووری خەوتن دەبێتە هۆی جۆرێک لە ئارەقەکردن و دوو دڵبوون و خەوزران و تێکچوون و ئاڵۆزی لە دەماغ وەئەگەر هاتوو بەردەوام بێت دەبێتە هۆی تێکچوونی کۆئەندامی بەرگری لە لەش.

هەروەها ئەم زانایە لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئەوە رووندەکاتەوە کە وێستگەی بەهێزکردنی مۆبایل لەهێزدا یەکسانە بەو تیشکانەی کە لە وێستگەیەکی ناوەکی بچووک دەردەچێت. هەروەها ئەم زانایە لە درێژەی لێدوانەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە مۆبایل وزەیەکی لێ دەردەچێت لەو ووزەییەی کە شانەکانی سەری مرۆڤ بەرگەی دەگرێت لەکاتی ناردنی هەر لەرەیەکدا. لە مۆبایلدا تیشکی کارۆموگناتیسی دەردەچێ کە لەرەلەرەکەی دەگاتە(900) میگاهێرتز وکاتی هەر لەرەیەک دەگاتە( Macro sec 546) وەتێکرای دووبارە بوونەوەی لەرەکان دەبێتە(215)هێرتز. دەرکەوتووە زۆربەی بەکارهێنەرانی مۆبایل بە دەست ژمارەیەک لە دیاردەی نەخۆشی وەکو سەرئێشان وبێ هێزبوونی بیرو ئارەقە کردن و دوودڵبوون لەکاتی خەوتن و بوونی کوتەکوت لەگوێ لەشەودا دەناڵێنن، وەئەگەر هاتوو مرۆڤ رووبەرووی شەپۆلەکانی کارۆموگناتیسی بووەوە بەکوتانی زیاتر لەوانەیە زیان بەمێشکی بگەیەنێت.

هەروەها پرۆفیسۆری داهێنەری Lùminationی مۆبایل دەڵێت تیشکەکانی مۆبایل خانەکانی مێشکی مرۆڤ دەکوتێت لە دەوری(215)جار لەیەک چرکەدا کە ئەمەش دەرەنجامی ئەوەی لێدەکەوێتەوە کەرێژەی تووشبوون بە شێرپەنجە بۆ(4%)بەرزدەبێتەوە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ رێژەی سروشتی.

لە ئەنجامی ئەو باسەدا ئەوەی کە پێویستە کاری پێبکەین ئەوەیە، لەکاتی خەوتندا مۆبایل دابخرێت، چونکە دانەخستنی مۆبایل و جێهێشتنی بە کراوەیی لە ژووری نووستن کاریگەری نیگەتیڤانەی دەبێت لەسەر مرۆڤ، وەلەم ساڵانەی دواییدا لە کوردستان بەهۆی بووژانەوەی باری ئابووری و باشبوونی بژێوی خەڵک هەموو ئامێرێکی ئەلکترۆنی لە کوردستان بڵاوبوونەتەوەو ئاسانکاری زۆر بۆ خەڵک کراوە لەرووی(گواستنەوە و گەیاندن و پەیوەندیکردن و وەرگرتن و ناردن .... هتد) ئەمەش جێگای دڵخۆشیە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی خەڵک هیچ رۆشەنبیری و هۆشیاریەکیان نی یە لەسەر بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە کە وەک یاریەکی دەستی منداڵانی لێهاتووە، بۆیە ئەرکی ئەم کۆمپانیایانە ئەوەیە کە زانیاری و ئامۆژگاری بە خەڵک بدەن لەسەر بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە تاوەکو خەڵک بە رۆشەنبیری و هۆشیاریەکی تەواو ئەم ئامێرانە بەکاربهێنێت هەروەها دەبێت میدیاکانیش رۆڵی خۆیان لەم بارەیەوە ببینن.

سەرچاوە : ئینتەرنێت